سەیرکەن ئەم لوژیکە بێ مەعنایە . چ ئەنجامێکی بێ مەعنا بەدەستەوە ئەدات . تەنانەت هەتا لە دیدی داخوازی بەرنامەی بوژاندنەوەی پولونیاشەوە لەبەر ئەوەی بوژاندنەوەی پولونیا یەکێکە لە ئاکامەکانی گەشەکردنی دیموکراتی چاوەروان کراو ( بەلام ئەوەی کە گومانی تیدا نیە ئەوەیە کە بە تاکید لە سیبەری بالا دەستی برجوازی دا زامن ناکرێ ) لەبەر ئەم هویە . پێویست ناکات پرولیتاری پولونی . لەگەل پرولیتاری روسیدا خەبات لە پیناوی ڕامالینی ڕژیمی قەیسەر دا بکات. بەلکو (( .. تەنها )) لە پیناوی لاواز کردنیدا . لە ریگای

جیا کردنەوەی پولونیایەوە . و لەبەر ئەوەی کە رژیمی قەیسەری روسی
تەحالفی توندو تول لەگەل بورژواو حکومەتەکانی ئەلمانیاو نەمساو .. هتد دا
دەبەستی . بویە پیویستە پرولیتاریای پولونی . هاوپەیمانی تی خوی لەگەل
پرولیتاریای روس و ئەلمانی لاواز بکات ... لە کاتیکا کە ئیستا پیکەوە خەباتی
هاوبەشی دژی یەك زولم و زور دەکەن . ئەمەش یەك مانا دەگەیەنیت .
کە ئەویش قوربانی دانە بەزورترین بەرژەوەندیەکانی پرولیتاریا لە بیناوی
تیگەیشتنیکی دیموکراتیانەی بورجوازیدا کە لەهەر سەربەخوی نیشتمانی . کەرت
کەرت کردنی روسیا . کە حیزبی ئیشتراکی پولونی هەولی بو ئەدا . پیچەوانەی
ئامانجی ئیمەیە . کە ئەویش رامالینی ئوتوکراتیە . وەك رستەیەکی بەتال
دەمینیتەوە . لەبەر ئەوەی کەشەکردنی ئابوری هەمو بەشە سیاسیەکان
بەتوندو تولیەکی زورەوە ئەخاتە پال یەك . وەلەبەر ئەوەی کە بورجوازی هەمو
ولاتەکان توندو تول تر یەك ئەگرن دژی دوژمنە هاوبەشەکانیان کە پرولیتاریایە
وە لە بیناوی هاوپەیمانەکەیان دا . کە قەیسەرە . بەلام لیك دابرینی هیزەکانی
پرولیتاریا . کە ئیستا لەژیر زولم و زوری ئوتوکراتی یەت دا ئەنالینی لە بەرامبەر
ئەمەدا . واقعیکی دلتەزینە . ئەمەش سەرەنجامی هەلەی راستەوخوی حیزبی
ئیشتراکی پولونی یەو سەرەنجامی راستەوخوی داندانەنیەتی لە بەرامبەر
صیغەیەکی دیموکراتی بورجوازیدا ) *.
نامیلکە کە نەهاتووە کوردوستان بەیەکی لە بنکە دیموکراتیەکانی ناوچەکە حساب بکات
بەلکو تەنها کوردوستانی لە هەمو ناوچەکەدایەو بنکەیەداناوە و بروای وایە کە
ئەبی هەمو گەلانی ناوچەکە . بەتایبەتی گەلانی فارس و ئازەرو عەرەب و تورك
قورسایی تی کوشانیان بخەنە کوردوستانەوە . چونکە ( رزگاری و سەرکەوتنی
پرولیتاریای ئەو گەلانە بەستراوەتەوە بە رزگاری کوردوستانەوە ) .
بیم وایە گەورە کردن و هەل ئاوساندنی بزوتنەوەیەك دور لە واقیع . و هاکەزایی
تیرواندن و داهاتویکی باش بو ئەو بزوتنەوەیە نابیت و ریگای نادا لە سەرپیی
خوی بەشینەیی گەشە بکات و ئەنجامیکی سەرکەوتوانە بەدەست بهینی .

*) لینین المجلد . المسألة القومیة فی برنامجنا . ص ٣٧١ – ٣٧٢

هاوری ی نوسه ر که بروای به خه باتی دیموکراتیانه له گه ل ئه و گه لانه دانیه و خوی ئاماده نیه تیکوشان له گه ل دا بکات . که چی داوا له وان ئه کات قورسایی تیکوشانیان بخه نه . کوردستانه وه و پی یان ئه لی ( رزگارتان نابی تا کوردوستان رزگاری نه بی ) .

به راستی ئه و وته یه له قسه ی خاوه نی تیزی سی جیهان ئه چیت وکه ئه یه وی گه لانی دونیاو پرولیتاریای روژهه لات و روژئاوا . رژیمه کانی خویان فه راموش بکه ن و قورسایی تیکوشانیان دژی ئه مریکا و روسیا به کار بهینن ... جگه له وه کی هه قیان ئه داتی ریگاو شوین بو پرولیتاریا و گه لانی ناوچه که دیاری بکه ین و پیشه کی حوکم بده ین که رزگارتان نابی تا کوردوستان رزگاری نه بی .

وه کو باسمان کرد مارکس ئه م وته یه ی له سه رده میکا وتوه که دو قوناغی جیاواز له ئینگلتراو ئیرلنده هه بوه ... ئه مه جگه له وه ی لینین به پرولیتاریای سه رجه م روسیا نالی ئیوه رزگارتان نابی تا پولونیا رزگاری نه بی ، ئه گه ر نوسه ر بلی من هه ر باسی پولونیای زه مانی مارکس و ئینگلس ئه که م ، ئه وه وانیه ، هه م خوی زور باسی پولونیای زه مانی لینین ئه کات ، هه م خوشی به وته کانی لینین وه لامی ئه م بو چونانه ی خوی داوه ته وه وه کو پیشه وه باسمان کرد .

دیاره ئه گه ر له بوچونیکی ته نگی ناسیونالیستانه وه بروانینه بزوتنه وه ی ئازادی و دیموکراتی گه لی کوردوستان . بیگومان ئه بی کورد له هه مو گه لانی تر زیر تر و زیاتر و قاره مان ترو ... هتد دابنیین . له به ر ئه وه بزوتنه وه که شی له سه رو هه مو بزوتنه وه یه کی گه لانه وه دابنیین و وا تی بگیین ئه وان هیشتاله خه وبکی قول دان و هیچ تیکوشانیکی دیموکراتیانه یان نه بوه و نیه . یا چونکه ئه وان ریگای خه باتی چه کدارانه یان نه گرتوته به ر !.

وادیاره هه ر ئه م جوره خه باته بیوه ره ( مقیاس ) بو ئه وه ی بزانوی گه لیک له تیکوشان دایه یا سر بوه .

دیسانه وه نامیلکه که وتوته ناکوکی یه وه و له لایه که وه باسی هه مو پارچه کانی کوردوستان ئه کات . و باسی هه موو ئه و ده وله تانه ئه کات که به شیکی کوردوستانی پیوه به نده و باسی حیزبی سه رتاسه ری کوردوستان ئه کات . که چی دیته سه ر ئه وه ی بو چونه که ی له مه ربنکه ی دیموکراتی بسه پینی و وای نیشان دات

کەخەباتی دیموکراتیانە لەو ولاتانەدا بی هیزە . یەکسەر دیتەوەسەر عیـــراق و عیراق بە نمونــە ئەهینیتــەوە و خوی تەنها بەوەوە ئەبەستیتەوەو شوینەکـانی تر فەراموش ئەکات . چونکە لای هەموو کەس ئاشکرایە کە خەباتی دیموکراتیانە لەو شوینانەدا زور هیزە پیشکەوتوو خوازەکانی ناوچەکەش زور حسابی لەسەر ئەکـەن و هیوایــە زوریان بییــەتی .
رەنگە پیش روخاندنی رژیمی شا . ئەگەر ئەم ناملکــەیە بنوسرایە هەر ئەوســاش کوردوستانی بە تاکــە بنکــەی دیموکراتی حساب بکردایە . لە کاتیکدا دەرکــەوت کە گەلانی ئیــران لە خەبیکی قولدانەبون و نەخەسابــون . ئەورق و کینــــە ئارامەی لە دەریاندا پەنگی خواردبووەوە نەك هەر بی بایــەخ نەبو . بەلکــو وەك بورکانیك تەقی و بەهیز ترین رژیمی ناوچەکەی روخـــاند .

❋ ❋ ❋

لە شوینیکــی تری نوسینەکەیدا ناملکــەکە ئەوەمان تی ئەگەیەنی کە خەباتـــی دیموکراتیانەی سەربەخــوی کوردوستان ( دور لە گەلانی دەولەتەوەمەرکەزی یەکان) بویە پیویستە چونکە ئەوان حیزبی پیشرەویان نییــە . دەلــی :
((لە باقی شوینــەکانی تری دەولەتەکانی داگیرکەری کوردوستاندا ریکخـــــراوی شورشگیری چینی کریکاری ئەوتوی تیادا پەیدا نەبوە کە مارکســی ـ لینیــیەکانـــی کوردوستان پاشە روژی رزگاری دیموکراتی و گەشە کردنی کومەلایەتی خویانـی پیــوە گری بدەنەوە )) .. ئەم قسەیە یانی خوئەگەر ئەم جورە حیزبە لەو دەولەتانە هەبونایە ئەوا هەم بزوتنەوەی دیموکراتی سـەربەخوی کوردوستان و هەم حیزبـــی مارکسی ـ لینینــی کوردوستان پی ویست نەبو . ئەمەش ناکوکیەکی ترە تــیی کەوتووە . دیسانەوە پیچەوانەی قسەکانی پیشوتریەتی . دیارە ئەم هاوری یەمان زروفی ذاتی ئەکات بەسەنگ و تەرازو نەك زروفی مەوزوعی . ئەمە دیسان باش تینەروانینیکی تری قوناغی دیموکراتیــە . ئەم قوناغە قوناغی تەحالفی نیوان کریکاران و جـوتیاران و وردە بورجوازی شارەکانە . یانی نەك هەر پرولیتاریاو حیزبەکەی . بەلکــو جوتیاران و وردە بورجوازی شارەکانیش خەباتی دیموکراتیانەی خویان دژی رژیم بەتوندی ئەکەن .

راسته بربنی ئه‌م قوناغــه پی ویستی به حیزبی چینی کریکاره و ئه بی سه رکردایه تــی بکات . به لام مانای واش نیـه ئه گه ر ئه و حیزبـه نه بوو یالاواز بوو . ئیدی خه با تی دیموکراتی ئه و چـینانه سره و وجودی نیـه . یا بو پیشه وه که شه ناکات .
به دریژایی ده یان سالی رابوردو . میژو شایـــه تی چه ندین بزوتنه وه ی دیموکرا تیانه و شورش‌گیرانه له ناوچه که دا بووه و گه لانی عـه ره ب و فارس و ئازه رو تورك .. بی به ش نه بوون له وخه باته دژی رژیمه کان و ئیمپریالیزم . ئیستاش ئه و تیکوشانــه بی گومان بوییشه وه ئه چی و کوشتن و لیدان و به کار هینانی زبرو زه نگ له لایــه ن ئه و رژیمانه وه دژی روله کانیان هیچ مانایه ك نابه خشی جگه له ئوپوزیسیون و دژا به تی کردنی رژیم و خه باتی دیموکراتیانه نه بیت .
خو ئیقناع کردن به وه ی که ته نها خه لکی کوردستان له خه باتیکی دیموکراتیانه دایه و له به ر ئه وه ی ئه و گه لانه حیزبیان نیـه ئیدی له و خه باته دواکه وتون و بویــه ئه بی خومانیان لی جیابکــه ینه وه . ئه م قسه یه پیچه وانه ی لیك دانه وه ی زانستی یانه و فه راموش کردنی یه ك قوناغی دیاری کراوه به گشتی .
سه رده میك ئه وروپای روژئاوا . که رژیمی ده ره به گایه تیان روخاندو برجـــوازیه کان هاتنه سه رکـار . مانای وانه بوو له به ر ئه وه ی حیزبی پیشره ویان نه بوو . ئیتر نه یان توانی قوناغی دیموکراتی ببرن . یا پرولیتارياو جوتیاران به ش داری خه باتی دیموکراتیانه یان‌نه کـرد .
خو حیزبی بولشه ویك به دریژایی ساله کانی پیش شورشی ئوکتوبه ر له مه نشه فیـــك و حیزبی ئیشتراکی ـــ شورش‌گیر ( الحزب الاشتراکی الثوری ) که دوو ریك خراوی ورده برجوازی بوون . که متر بون . ته نانه ت مه نشه فیك و حیزبی ئیشتراکی شورش گیـــر هه ر یه که یان به ته نها له سوفیه تاندا دوای شورشی شوبات له حیزبی بولشه ویـــك به هیز تر بو ن و له ناو زوربه ی هه ره زوری کارگه کانیش‌دا هه ر ئه و دوو ریك خـــراوه زور به بون و به لشه ویکه کان که مایه تی بوون .
ئه م وه زعــه هیـــچ له پیش‌ره وایه تی بولشه ویکی که م نه ئه کرده وه . چونکه هیلـی راستی به لشه ویك و دروشمـه راسته کانی بو . که پاش چه ند مانگیك له کارگه کـــان و له سوفیه تا تی مه رکه زیشدا بونه زوربــه . که واته حیزبیکی بچـوك به دروشمـــی راست‌توانی له رووی چه ندایه تیشه وه گه شه بکات و بتوانی ببیته جیگای بړواو متمانه‌ی

کریکـان و جوتیاران و سەرکردایەتیشیان بەرەو شورشی سوسیالستی بکات . بویـە لەگەل شەپولی ئەو خەباتە دیموکراتیانەیەدا بی گومان ریك خراویك . با ئیستـاش زور بی هیز بی یا وجودی نەبی . ئەتوانی ببیتە پیشەوەو پیش رەوایەتی بکـات . بروا نەبون و نکـولی لە مەتی نەگەیشتن و بروا نەبونە بە دیالیکتیك .

ئەگەر نوسەر کوردوستان بەتاکە بنکەی دیموکراتی دائەنی . لە بەر ئەوەی ـــ بزوتنەوەی چەکدارانەی تیدایە . ئەگەر ئەمەش بی وەربی . ئایا ئەو بزوتنەوە چـەکدارانەیە بەشیك نیـە لە ئوپوزیسیونی عیراقی . یاخـود لە بەر ئەوەی خەباتی چـەکدارانە لە ناوچەکانی تری عیراقدا بوونی نیـە ئیتر ئوپوزیسیون بی هیزە و ئـەهەمیەتی نیەو ئیتر خەباتی دیموکراتیانە لەگەلیاندا پی ویست نیـە .

ئایا خەلکـی کوردوستان بەو خەباتە دیموکراتیە سەربەخویەی نوسەر باسی لیـوە ئەکات . ئەتوانن رژیم بروخیـن . یان ئەگەر وەك هەقمان بەسەر . روخاندنـی رژیم و خەباتی دیموکراتیانەی ئەوگەلانەوە نەبی . دەتوانین سەربەخوبی کـوردوستان دابین بکەین ؟ بی گومان نە. ناتوانین بەتەنها ئەم کارە ئەنجـام بدەین . هەروها ئیمە لە کاتیکدا کەیەکیەتی خەباتمان لەگەل ئەوگەلانەدا پی راست و پی ویستە دەبی روخاندنی رژیمیش هەرکاری ئیمە بەتەنها نەبی . بەلکو پی‌ویستی بە خەباتی هاوەش هەیەو بی ئەو خەباتە هاوبە ئەروخانی رژیمـو هینانەدی رژیمیکی دیموکراتی مەحـالە . کەواتە بمانەوی و نەمانەوی خەباتـی دیموکراتیانەی گەلی کوردوستان بەشیکە لە خەباتی دیموکراتیانەی ئەوگەلانـەو توندو تول پیکەوە گری دراون . لیك دابرینیان کاریکی خراپ و زیان بەخشـــە .

ناملیکە دیت و عیراق بەنمونە دەهینیتەوەو دەیەوی ئەوە بسەلمینی . کە جگە لە خەلکی کوردوستان . جەماوەری خەلکی عیراق خەساون و گیانی شورش‌گیرانـەیان تیا مـردوە . جا ئەگەر وایە دیارە خەلەلیك لە ئیمـەشدا هەیەو دیـارە وەك و پیویستە لەگەل بارودوخـا بابەتیەکەدا باش نەجـولاوینەتەوە و رەفتارمان نەکردوە . ئەگەر بەو شیوەیە رەش بینانە تەمەشاری بزوتنەوەی دیموکراتیانـە لە عیراقدا بکەین . ئەوە ئەکەوینە گیژاویکی واوە کەسەری لی دەرنەکەین و جەماوەریش توشی رەش بینی و خوشمان لە جی ی خومان راوح بکەین و بزوتنەوەیەکی چەکداریش وەك بەشیك لە ئوپوزیسیون بی ئەهەمیەتو کەم بایەخ بکەیـن .

راست‌تر وایە بوتری کوردوستان بنکەی خەباتی دیموکراتیانەیە دژی رژیم لە عیراقدا . نەك بەو مانایەی بنکەی خەباتی دیموکراتیانەی سەرتاسەری ناوچەکەیان و نەبەو مانایەی خەباتی دیموکراتیانە لەگەل ئەو گەلانەدا کە سنوریك دا پیکەوە ئەژین نەکات و نەبەو مانایەی کە ئەبی هەموو گەلانی ئەو دەولەتانە و ماکسیستەکان قورسایی تیکوشانیان بخەنە کوردوستانەوە . نەبەو مانایەی تاکوردوستان رزگاری نەبی ئەوان رزگاریان نابی .. هتد . راستە شیوەی خەباتی چەکدارانەی ئیمرو لە کوردوستانی عیراقداو بوتە شیوەیەکی سەرەکی و بوتە بنکە بوگەلانی عیراق لە کوردوستانی عیراقدا . بەلام مانای وانیە کوردوستان تاسەرئەو بنکەیە ئەبیت و شوینەکەی ناگویزریتەوە ...

هەرخەباتی چەك دارانەش بەیوەر نیە بوئەوەی شوینیك ببیتە بنکەی دیموکراتیانە مەرجیش نیە گەلی کوردوستان لە هەر بارچەیەکدا لە هەموزەمان و زەمینیکدا هەر ئەبی ریگای خەبات چەکدارانە بگریتە بەرو روژی لە روژان شیوەیەکی تر لە خەبات کردن نەکاتە شیوەی سەرەکی . خورابەرینی جەماوەری خەلکی ئیران رابەرینیکی چەکدارانە نەبوو . کەچی سەردەمیك بنکەی دیموکراتی بوو لە هەموو ناوچەکەدا . لەبەرئەوە هینانەدی هیواو ئامانجەکان نابی لە سەرئەوەدا بریزری چونکە کوردوستان ( بەبوچونی ناملیکەکە ) بنکەی دیموکراتیانەیە لە ناوچەکەدا . شەهیدی سەرکردە کاك ئارام لە ئالای شورشدا ئەلی : (( سەبارەت بەوەی کە شورشەکەمان بریتی نیە لە بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی تەسکی گەلی کورد . بەلکو شورشی دیموکراتی گەلی عیراقەو لە کوردوستانەوە بەهوی تەقینەوەی ناکوکیەکانەوە و هەروها لەسایەی باش هەلکەوتنی خاکی کوردوستانەوە دەستی پی کردوە ... )) .

وابوچواردە سال ئەچیت جەماوەری خەلکی عیراق بەگشتی . دوچاری رژیمیکی رەفتار فاشی بوتەوە و لە بچوك ترین مافی دیموکراتیانە بی بەش و هەموو دەنگیکی نارەزایی ئەم خەلکە بەلیدان و کوشتنو هەلواسینەوە لام دەدریتەوە .

خوگرتن و مانەوەی ئەم رژیمە دیاردەیەکی ناتەبیعی نیە . لەبەرئەوە روخاندن و هەلتەکاندنیکی دیاردەیەکی ناتەبیعی نابی . رژیم لەبەرئەوە بەهیز نیە چونکە جەماوەری خەلك رژیمیان کەرەکەو ئەی باریزن . نەخیر بەلکو هەندی زروفی بابەتیو زاتی بوتە هوی بەهیزی و مانەوەی رژیم .

ئەم جۆرە حیزبانە بەهۆی خۆبەستنەوەیان بە دروشمی نەتەوایەتی و بەکارهێنانی شێوەی جۆراوجۆر بۆ نزیک بونەوە لە زۆربەی زۆری خەلک و بەکارهێنانی پارە و پول و توانای دەولەت بۆ بەهێزکردنی خۆیان و دامەزراندنی دامودەزگای هەمەچەشنە بۆبلاوکردنەوەی بیروڕاکانیان و کۆکردنەوەی خەلکی بەو شێوانەی بۆیان لەبارو گونجاوە . بۆیە ناتەبیعی نیە کە نەک هەرزمارەیەکی یەکجار زۆر لە وردە برجوازی بۆماوەیەک دوای دروشمە دیمەگۆگی یەکانی ئەم حیزبە بکەونەوە ک لە ئەلمانیای نازی و ئیتالیای فاشی روی دا . بەلکو هەندی جار کرێکارانیش لەخشتە ئەبرین و بۆماوەیەک دوای ئەم جۆرە حیزبانە ئەکەون . ئەمە لەلایەک . لەلایەکی ترەوە بەشداری کردنی زۆربەی زۆری حیزبەکان هەرلە پارتی شۆرش گێرو پارتی دیموکراتو حیزبی شیوعی و دەستەو تاقمی تر لە بەهێزکردنی رژێم و ناساندنی بە رژێمێکی نیشتمان پەروەرو پێشکەوتن خوازو سوسیالستو .. هتد . ئەمانەو گەلی هۆی تر هەموو بونە هۆی مانەوەی رژێم . بەلام ئەم تاقمە داسەپیوە مشە خۆرەی کە بنەمایەکی ئابوریان نیەو لە روی سیاسیشەوە تا بی هێز تر ئەبێتو مانەوەی خۆشی تەنها لە رێگای زەبرو زەنگەوە هی شتوتەوە . ئەتوانی تاسەر پارێزگاری لەخۆی بکات ؟ ئایا رق و کینەی جەماوەری خەلکی عیراق هەر لە سنگدا ئەتاسی و لەجێی خۆیان نابزوین ! ؟ .

راستە ئۆپۆزیسیون لە ئاستی پێویست دا نیەو ئەو هێزانەی هەشن یەکگرتو نین . بەلام مانای وا نیە ئەو رێک خراوو هێزانەی هەن ئیتر هەوز توانای شاراوەی خەلکیش هەر ئەوەندەیە . خۆ ئۆپۆزیسیون یا رێک خراوەکان لە ئێرانی ( شا ) دا زۆر بی هێز بو کەچی ئۆپۆزیسیونی دەرونی جەماوەر سەدان جار لەو رێکخراوانەی کە هەبون بەهێز تر بون . لەبەرئەوە یەکەم تەماشا کردنی جەماوەرو حیساب نەکردن بۆ هێزو توانایان و روالەت بینین . خاوەنەکەی ئەهاتە دالخەو خەیالاتو بۆچونی نادروستەوە . ئەگەر لەبەرئەوە ئۆپۆزیسیونی عیراقی بی هێزە . ئیتر ئەبی خەباتی دیموکراتیانە لەگەلیاندا نەشی .. هتد ئەوا ئەم بۆچونە خۆی لەخۆی دا دابرانە لەوگەلانەو لەلایەکی ترەوە خۆخستنە ناوتەنگ و چەلەمەیەکەوەیە کە دەربازبونی تی یا ئیدا کارێکی سەختو نائاسایی ئەبی . ئایا مارکسیستەکان بۆچونو لێک دانەوە بەرنامە لەسەر ئەوە دیاری ئەکەن کە

ئوپوزیسیون لەولاتیکدا بێ هێزە . یا هەولی ئەوە ئەدەن بەحەوسەلەو بێ هیلاك بون جەماوەر هوشیار بکەنەوەو سازو ئامادەو ریکیان بخەن .
خو ئەگەر نوسەر باسی خەباتی هەموو ئەو دەولەتانەی ناوچەکە ئەکات و باسی سەرتاسەری کوردوستان ئەکات . نابێ ئەوەی لە یاد بچیت کە ئوپوزیسیون ئەگەر لە عیراقدا بێ هێز بیت خو لە ئیران و تورکیادا بێ هێز نیە . خو ئەگەر خەباتی دیموکراتیانە لەگەل عەرەبی عیراقدا بەرەوا نابینی خو لەگەل ئەوانی تردا مادام ئوپوزیسیون بەهێزە . پیویستەو ئەبی بەرەوای ببینی .

\+ \+ \+

هەواڵنامەی کتێب

بزوتنەوەی ئازادی و دیموکراتی خەلکی کوردوستان بزوتنەوەیەکی مەوزوعی و میژوکردە . و جەماوەری خەلکی کوردوستان لە پیناوی رزگاری و سەرفرازی دا داستانی قارەمانیتی و فیداکاری تومار کردوە .

کوردوستان یەك ولات و یەك پارچە بوە . ئیمپریالستەکان بو دامرکاندنەوەی گیانی ئەم گەلە زیندوە . و بو ئەوەی بتوانن بە ئارامی و شینەیی لە بەروبومی سامانی ناوچەکە بخون و بە ئعلقەیەکیش بە خویانەوە گری یان بدەنەوە . کوردوستانیان لیك دابچران و هەر پارچەیەکیشیان بەکیان و سنوریکی جیاجیاوە بەستەوە و جوت کرد .

گەلەکەمان بەدەیان رابەرینی چەکدارانەو جەماهیری و بە هەزاران قوربانی و بەسەدان نەبەردی شورش گیرانە بەرپەرچی ئەو واقیعە تالەی داوەتەوە . و ئامادە نەبوە قەبولی ئەو حالەو ئەو دیلیتیە بکات کە توشی هاتوە .

بەلام بەداخەوە ئەو هەموتەقەلاو گیان بازی و هەول دانە نەیان توانیوە داخوازیەکانی گەلیك بهیننە دی و کوردوستان بیکەوە بەیەکر گری بدەنەوە . و کریکاران و رەنجدەرانیش لەو جەنجالی و سەرئیشەییەی لە پارچە پارچە کردنی کوردوستاندا توشی هاتوون رزگار بکات و ئەو کاتە بەرونی و تەحدیدی خەباتی خویان لە پیناوی دیموکراتی و سوسیالیزم دا بکردایە .

واقعی ئیستای کوردوستان ، واقعیکی بابەتیەو لەسەرو ئارەزوەکانەوەیە . ئەم حالەی کوردوستانی تیدایە و هەر پارچەیەکی لەگەل گەلیك دا کە بەدەیان بەیوەندی جوراوجورەوە بەستراوەتەوە . وەك ئامیلکە دەلیت : (( روبەروی سیستەمی ئابوری و سیاسی و فەرهەنگی بونەتەوە )) . کاریك نیە خومان حەزمان پی کردبی . داوامان کردبی . خەلکی کوردوستانیش نەی ویستبی دەولەتی سەربەخوی هەبی و بی پەروا لەسەر ئەم زەمینەدا وەك گەلان ریگەی گەشەکردنی خوی بگریتە بەر .

ئیمە بیویستە بوچونەکانمان لەم بارو حالە بابەتیەی کوردوستانەوە . لەم هەموتیك ئالانو جەنجالی یەوە . دابریژین . خومان تەنها بە هەندی قالبی سواو و شکەوە نەبەستینەوە بزوتنەوەی گەلیك نعدەینە . دەست سوزو مەزاجی وردە بورجوازیەکانەوە و . گەلیك توشی سەرلیشیواوی و گلان بکریت .

له سه ر ئه م مه سه له یه . واته له سه ر مه سه له ی رزگاری و دیموکراتی و مافی چاره نوس .. هتد ته نها دو جور لیك دانه وه و بوچون و بیر کردنه وه هه یه . بورجوازیانه یا بیر کردنه وه و بوچونی مارکسیستانه . جا پیویسته ئیمه ش وه ك مارکسیست مه سه له که هه لسه نگینین . نه ك مارکسیزم به ئاره زوی خومان و به رژه وه ندی لیك دانه وه ی خومان بکشینین و هه ر لیك دانه وه یه کیش ئه گه ر پیچه وانه ی بوچونی ئه و جوره که سانه ش بیت دوگمه تی یه ت و .. هتد له قه له م بدریت .

برجوازی میلله تی بنده ست مه سه له ی میللی ته نها بو به رژه وه ندی و ده ست که وتو ئیمتیاز بوخوی گه ره کیه تی و دروشمه نه ته وایه تی یه کانیش بو قازانجی چینایه تی خوی به رز ئه کاته وه . له به ر ئه وه هه میشه داخوازی یه نه ته وایه تیه کان له پیشه وه ی هه موو ئامانجیکی تردا ئه بینی بورجوازیه کان له به ر ئه وه ی هه میشه به دوای ده ست که وتی خویاندا ئه گه رین . بویه هه میشه سیاسه تی سازشکارانه له گه ل بورجوازی میلله تی سه رده ستدا له سه ر حسابی برولیتاریا ئه گرنه به ر . (( هه میشه دروشمه کانی رزگاری نیشتمانی ئه که نه دروشمیك بو فیل کردن له کریکاران )) (١) .

ورده بورجوازی . له به ر ئه وه ی ئه م چینه له چوار چیوه ی وه زعیکی چینایه تی دیاری کراودا . وه ك و چینی کریکار . نازی و له به ر ئه وه ی ژیان و گوزه رانی ئه مانه ش وه ك و یه ك نیه و هه ندیکیان طموحیان ئه وه یه ببنه برجوازی و گوزه رانیان باشه و هه ندیکیان گوزه رانیان باش نیه . بویه هه میشه راراو دودلن و هندی جار به شداری خه باتی شورش گیرانه ئه که ن و هه ندی جار خویانی لی ئه دزنه وه . ئه م چینه له به ر ئه وه ی خویان به تیوریه کی شورش گیرانه نابه ستنه وه . بویه له ته نگ بینی و رارایی خویانه وه مه سه له ی میللی هه لئه سه نگینن و نه خوشیه کانی ده مارگیری و نه ته وایه تی و لیك دانه وه ی بی بناغه و دور له واقیع له ده رونیاندا ئه ژی .

ئه م چینه له نیوان به لای چه پ دا رویشتن و ته طرف کردن داو هه ندی جار به لای راستدا شکاندن و هه ندی جار هه لچون و حه ماسه تتداو هه ندی جار دامرکاندنه وه و ترسنوکیدا دین و ده چن و هه میشه خولیاو شه یدای خه یالات و توباویه تن .

ئه م چینه له م جوره ولاتانه دا ژماره یه کی زوری دانیشتوان پیك ئه هینن و ده و رو

---

(١) لینین : الثورة الاشتراکیة وحق الامم فی تقریر مصیرها ص٤٢

تاٹیریکی گەورەیان هەیە و هەزاران خوێندەوار و روشەن بیریان لە ناودا هەلئەکەوێت . حیزبە وردە بورجوازیەکان بە هوی کەم کەشە کردنی سەرمایە داری و کەمی بروليتارياوە .. لە ژیر دروشمی جوراو جور بە تایبەتی دروشمی نەتەوایەتی و وتەی عاطفی یانە و رستەی نەخشین و باش دا ریژراودا . ئەتوانن ژمارەیەکی یەکجار زور لە دەوری خویان کوبکەنەوە و سەر لە کریکارانیش بشیوینن و بە دوای خویاندا بیان کیشن و هەندی جار دروشمەکانی کریکاران و ناوی مارکسیزمیش بەرز بکەنەوە و بە مەسەرپوشیکی رەشیش بە چاوی کریکاران و روشەنبیرە شورش گیرەکاندا . دابدەنەوە و فیری لاری روشتنیان بکەن و کاریکی وایان پی بکەن نەبەرزین و بەدرەنگ بکەونەوە سەر ریگای راست و دروستەکەی خویان .

بویە هەر بوچون و لیکدانەوەیەکی بورژواو وردە بورژوا کان نەك هەر ناراست و نادروستە بەلکو لە ناوەروك دا دژی بزوتنەوەیەکا و دژی کریکاران و دژی ئومەم یەتا . بویە ئەبی نە هیلدری سەرکردایەتی بزوتنەوەیەك و چارە سەرکردنی کیشەیەکی وا بخریتە دەستەم چینە و بەدوای سیاسەتەکانی ئەوان بکەون .

بەلام بوچونو لیکدانەوەی پرولیتاریا ( حیزبی پرولیتاریا ) لە سەر مەسەلەی میللی سیاسەتیکە لە سەر ئەساسی علم و واقع و ریبازی مارکسیزم — لینینیزمەوە هەلهینجراوە و لە خزمەتی ئەوکەلەیەو کریکارانی ئەو کەلەو مروفایەتیدایە .

حیزبی پرولیتاریا دژی هەمو جورە ئیمتیازیکە و هەمو میللەتان و گەلانی دنیا بی جیاوازی لە یەکتری تەماشا ئەکات .

حیزبی پرولیتاریا بی چەندو چون پشتیوانی لە مافی چارەنوس بەمافی دروست کردنی دەولەتیشەوە ئەکات .

حیزبی پرولیتاریا خەباتلە پیناوی دامەزراندنی سوسیالیزم و کومەلی کومونیزم دەکات و یەکیەتی خەبات و تیکوشان لەگەل هەمو پرولیتاریای دنیا ئەکاتو یەکیەتی خەبات و

تیکوشان لە ناو چوار چیوەی کیان و سنوریکی دیار کراودا لەگەل میللەتی سەردەستدا لە پیناوی دیموکراتیەت و سوسیالیزم دا ئەکات .

پرولیتاریای میللەتی بن دەست ئیمتیاز بو میللەتەکی خوی ناکات و فەضلی یەکیەتی خەبات و تیکوشانی لەگەل پرولیتاریای میللەتی سەردەست دا ئەداتبو سەر بورجوازی نەتەوەکەی خویدا (( ئەی کریکارەی کە یەکیەتی سیاسی لەگەل بورجوازی

(له نه ته وه که یدا ) ده خاته سه رو یه کیه تی ره های ( مطلق ) بزولیتاریای همو نه ته وه کان . ئه وه دژی به رژه وه ندی یه کانی خوی ره فتار ده کات و دژی به رژه وه ندی یه کانی خوی ره فتار ده کات و دژی به رژه وه ندیه کانی سوسیالیزم و به رژه وه ندیه کانی دیموکراتیه تـه ))*.

مارکسیسته کانی کوردوستان ئه بیتله روانگه ی چینی کریکارو بیر و باوه ره که یه وه ته ماشای مه سه له ی میللـی و کیشه کانی بکه ن . خویان له حه ماسی ناسیونالیستانه به دور خه ن . چونکه ته نها حه ملس و دلسوزی و وره به رزی و خوشه ویستی کورد و کوردوستان به س نیه بو ئه وه ی بزوتنه وه یه ک بگاته ئامانجه کانی . حیزبه ورده بورژواکان هه مان هه ست و هه مان ئیندفاعیان هه بوه . به لام له به ر ئه وه ی تیوریکی شورشگیرانه یان نه کردوبوه سه رچاوه ی هه مو شیکرد نه وه و بوچون و هه لسه نگاندنیك . له به ر ئه وه ی به رنامه یه کی شورشگیرانه ی گونجاویان له هه ناوی نظریه وه هه ل نه هینجابو . بویه هه ر ئه بو له ناو داوی تاکره وی نه ته وایه تیدا بین و بچن و ئه نا چاریش بکه نه وه ناو داوی ئیمپریالیزم و کونه به رستانی ناوچه که وه له ئه نجامدا هه م بزوتنه وه یه ك توشی گلان و هه لنگوتن بکه ن و هه م له نرخیشی که م بکه نه وه .

ئه گه ر ته نانه ت ( ته نها ) له روانگه ی نه ته وایه تیشه وه ته ماشای بزوتنه وه ی گه لی کوردوستان و دوا روزی بکریت . هه ر ئه بی ریگایه ك بگیریته به ر که له گه ل واقعیدا بگونجیت و سه رچاوه که ی حه ماسه تی ورده بورجوازی و خویه ستنه وه به چه ند گلیشه یه کی رازاوه وه نه بیت .

دیاره مارکسیسته کان له روانگه ی چینی کریکارو خه باتی چینی کریکار و باشه روژی چینی کریکاره وه ئه روانیته ئه و بزوتنه وه یه و چاره سه ریش بو مه سه له ی نه ته وایه تی گه لیك ئه دوزیته وه .

مارکسیسته کانی کوردوستان ئه بی چاره سه ری راست و دروست بو هه ر کیشه یه ك پیشیان بدوزیته وه و له م بارو زه رفه ی کوردوستانه وه خه باتی خویان له چه ندین قوله وه بو پیشه وه به رن و هه مو ریگای وشیوه یه کی تیکوشان له پیناوی چاره سه رکردنی

---

*) لینین . موضوعات عن المسأله القومیه

هەمو کێشەکان بگرنە بەرو خەباتی خۆیان دیاری بکەن و قورسایی تێکۆشانیان بەتایبەتی لە دو بواری ئەساسیدا بەکار بهێنن و ببخەنە خزمەت ئەو دو جۆرە خەباتەوە:

یەکەم: خەباتی دیموکراتیانەی گەلی کوردستان لەگەڵ ئەو گەلانەی کە سنوری دەولەتێکدا کۆبونەتەوە. یانی نەك هەر خەباتی پرولیتاریای کوردستان بەڵکو خەباتی جوتیاران و وردە بورجوازی شارەکانی کوردستان شان بەشانی پرولیتاریاو جوتیاران و وردە بورجوازی هەمو شارەکانی تر لەم قوناغەدا دژی ئەو رژێمەی کە ئامادە نیە مافە دیموکراتیەکان. بە مافی نەتەوایەتیشەوە بسەلمێنێت.. تەحالفی ئەو چینانە لەم قوناغەدا بو هێنانەدی رژێمێکی دیموکراتی خەباتێکی سەخت و دژوار و پر پێچوپەنایە ولەماوەیەکی کەم و کورتدا نایەتەکایەوە و حەوسەلەی شورشگێرانەی ئەوێ.

مارکسیستەکانی کوردستان بوئەم قوناغەو بوئەم شێوەی خەباتە ئەبێ بەرنامەی خۆیان هەبێ کە لەگەڵ بڕینی ئەم قوناغەدا بگونجێ و یەکێتی خەباتلەگەڵ پرولیتاریای میللەتی سەردەستدا بکەن ... رودا وەتالەکانی ژیان کە بەسەر گەلیکدا هاتووە و ئەو چەوساندنەوەی کە لەلایەن بورجوازیەکانی میللەتی سەردەستەوە توشی هاتوە. کارێکی وا تێ ناکات عەرەب و تورك و فارس و ئازەر بەدوژمنی خۆی بزانێ و هەر ئەو تالاو چێستنە توشی حەقدو تورەیی بکات و کارێکی وای تێبکات بەرچاوی تریك بێت و مێشکی تەنگ بێتەوە و هەر ئەمەش کاربکاتە سەر بوچون لێکدانەوەکانی.

ئەگەر نامیلکە کە پولونیا بەنمونە بوخەلکی کوردستان هەهێنێتەوە. کەواتە ئێمەش ئەبێ وەکو مارکسیستەکانی پولونیا خەباتی دیموکراتیانەی خومان بە خەباتی ئەو گەلانەی لەگەلیاندا ئەژین ببەستینەوە. بروامان بەوە هەبێتکە کوردستانی خاوەن مافی چارەنوس لەرێگای هێنانەدی رژێمێکی دیموکراتی یەوە قابلی هاتنەدی یەو مافی چارەنوسیش هەلناوەشێتەوە (وەکو لە نامیلکەکەدا هاتوە) چونکە مافی بڕیاردانی چارەنوس جیابونەوەش و دروست کردنی دەولەتیش ئەگرێتەوە.

لە هەمان کاتدا رژێمی دیموکراتی بنەمای ئابوری خوی هەیەو سەرخانیشلەگەڵ ئەودا بوپێشەوە ئەچێ و پێ ئەنێتە قوناغێکی ترەوە کە قوناغی سوسیالستە.

راستە مافی چارەنوسی لەبەشەکانی کوردستان مانای مافی چارەنوس نیسە بوبەشەکانی تر. بەلام هێنانەدی ئەو مافە لەبەشێکدا قازانجێکی گەورە بە بەشەکانی تری

کوردوستان ئەگەیەنی و پشت و پەنایەکی گەورەشە بویان . ئەمە جگە لـــەوەی خەباتی دیموکراتی یانی بەشەکانی ترلەگەڵ ئەوگەلانەدا ناوەستی و بوبیشـــەوە ئەرِوات و ئەوانیش ئەم قوناغـــە ئەبرن و ئەچنە قوناغیکی ترەوە . جگەلـــەوە مارکسیستـــەکان مەسەلەی نەتەوایەتی ناکـــەن بەناوەروکی کـــارکـــردن .

چونکە دەزانن مەسەلەی نەتەوایەتی بە نـیسبـەت مەسەلەی چینایەتی یـــەوە روالـــەت ( شکـــل ) یـــەک نـــاوەروک .

وەنەبی لەم نامیلکەیەدا ئەوراستیـــە رون نەکرابیتەوە . کە چەوساندنەوەی نەتەوایەتی لە ناوەروکدا چەوساندنەوەی چینایەتی یە . . . بەلام ئەوەی نامیلکە ئاوەژوی کردوتەوە . ئەو حەقیقەتە دیالیکتکی یە کە دەلی هەمیشـــە ناوەروک گرنگ ترە و ئەو دەوری ئەساسی لە گورانـــدا دەبینـــی . نەک روالەت ( شکـــل ) . کەچی پیچـــەوانەی ئەم حەقیقەتە عیلمـــی یە .

واتە نوسـی کە چەوساندنەوەی نەتەوایەتی ( روالـــەت ) قورس ترو سەخت تـــرو کاریگەر ترە . لە چەوساندنـــەوەی چینایەتی ( کـــە ناوەروکـــە ) .

راستـــە ناوەروک و روالەت . لە پەیوەندیەکـــی دیالیکتیکـــی قول دان . واتـــە وحـــدە و صـــراع ـــ دان . و هەرکامیکیـــان کاردەکاتـــە سەر ئەوی تر . بـــەلام هەمیشـــە ناوەروک دەوری بنچینەیی دەبینی . بەلام ئەمە نکولی کردن نیـــە لەوەی کە روالەتیش بە دەوری خوی کار دەکاتە سەر ناوەروک . بەلام هەمیشـــە گورانی ناوەروک بنچینەیی یە . بویـــە کاریگەریتی ناوەروک زیاترە . جا چەوساندنەوە بی . یا گوران بی . یان هەر شتیکی تر . کە خەباتی چینایەتی ناوەروک بـــو . دەبی لە سەر ئەساسی ناوەروک سیاسەتی خومان دابریژین و خومان لە روالەتدا نقـــوم نەکەین و هیچ کاتیـــک لە سەر ئەساسی روالەت سیاسەت دا ناریژین . ئەگەر وا بکەین ئەوا سەرتاپای بوچونەکانمان هەلە ئەبی و لە جەوهەریشـــدا دژی بیـــرو رای کریکاران . دژی بەرژەوەندی ئەوان خەبات ئەکـــەین .

ئەبی هەمو مارکسیستیک ئەوەی لا رون بیـــت کە بە لای پرولیتاریاوە چەوساندنەوە چ لە لایەن بورجوازی خومالی و چ لە لایەن بورجوازی میللەتی سەردەستەوە . ئەوا بو پرولیتاریا چون یەکەو هەر چەوسانـــەوەیە بو کە مەسەلەی جیابونەوەش ئەخەینە ناو حساباتمانەوە بی گومان ئەبی بەرژەوەندی و داهاتوی پرولیتاریا بخـــە

ینە پێش چاو و هەموکاتێک بێ شەرت و شروت ئەو جیابونەوە یەشمان بێ باش نەبێ (( ئەوەی کە بەلای ئیمەوە گرنگە . لە پێش هەموشتێکا و لە هەمو شتێکیش زیاتر . لە مەسەلەی سەربەستی نەتەوەکەمان لە بریاردانی چارەنوسیان دا هەروها لە هەمو مەسەلەیەکی تریشدا . مەسەلەی سەربەستی پرولیتاریایە لە بریاردانی چارەنوسی خویدا . لە ناو نەتەوەکان دا ))*.

دیارە مەسەلەی میللی کیشەیەکی گەورە و ئالوزە . بەتایبەتی لە کوردوستانێکی پارچە کراودا . بەلام ئالوزی ئەو کیشەیە و ( زروفی تایبەتی کوردوستان . خاسیەتی تایبەتی و کیشەی لیک ئالاو پەیوەندی توندو تول ... هتد )) نابێ سەرمان لێ بشێوینی و ریگایەکی ترمان بخاتە بەر . چونکە ریگای دەرباز بون وەک لینین فیرمان ئەکات هەیە و بەرومانا دانەخراوە . کە ئەویش راستی گیانی ئینتەرناسیونالیسی یە و پاراستنی بەرژەوەندیەکانی پرولیتاریایە و سەلماندن و داواکردن و پشتگیری کردن و بەرزکردنەوەی مافی بریاردانی چارەنوسە . لە هەمو کات و زروفیک دا . لە شەرو ئاشتیدا . بێ شەرت و شروت لە لایەن پرولیتاریای میللەتی سەردەستە . هەروها بەستنەوەی خەباتی پرولیتاریای میللەتی بن دەستە بە توند ترین شیوە بە خەباتی پرولیتاریای میللەتی سەردەستەوە .

دوهەم : خەباتی بەشەکانی کوردوستان لەگەل یەکتردا . و خەباتی ریکخراوە مارکسیستەکان لەگەل یەکتردا . ئەمە ریگایەکی تری خەباتەکردنی بەشیکی مارکسیستەکانی کوردوستانە لەگەل یەکتر .

پیویستە لەسەر ریکخراوە مارکسیستەکانی کوردوستان پەیوەندی و هاوکاری و پشتوانی توندو تولی یەکتر بکەن و تەنسیقی هاوبەش لەسەر همو ئاستیک بیک بهینن و زروفی کوردوستان و ناوچەکە و جیهان هەلسەنگینن و هەول بدەن بیرو رای یەکگرتوی لەسەر وەرگیرن .

لە بەرامبەر یەکگرتن و نزیک بونەوەی بورژواو وردە بورژواکانی کوردوستنا نـدا .

---

*) لینین حق الامم فی تقریر مصیره مجلد ٥ ص ١٨٧

هەول بدەن نزیك تر و یەكگرتوتر بن و حەدیك بو لیك دانەوە و بو چون و رەفتاری بورژواكان دابنێن و ریگە یان نەدەن بو بەرژەوەندیەكانی خویان یاری بە چارە نوسی گەلی كوردوستان بكەن و سەر لە جەماوەری گەل تیك بدەن بە ریگای بی ئەنجامدا بیان بەن .

خەلكی كوردوستان سەربەستن لە هەلبژاردنی چارە نوسی خویان داو خەلكی كوردوستان لە سەركەوتنی شوڕشی دیموكراتی دا سەربەستن كە لە چوار چیوەی ئەو دەولەتانە دا بینە دەرەوە و كیانیكی سیاسی بو خویان دروستبكەن و دەولەتی خویان دا مەزرینن . ئەوەی نكولی لەم مافە بو خەلكی كوردوستان بكات سوسیال ـ شوفینیستو سوشیال ـ ئیمبریالیستە . مافە بو خەلكی كوردوستان بسەلمینن و پشتوانی لی بكەن .

لە كاتیكدا كە بزوتنەوەی ئازادی دیموكراتی خەلكی كوردوستان ، بزوتنەوەیەكی زیندووجیگەو ئەهمیەتی تایبەتی خوی هەیە ، و گەشەكردن و بەرەو بیش چونی یا وەستان و لاواز بونی كاریكی گەورە ئەكاتە سەر ، سەرجەم بزوتنەوەی سوسیالیستی جیهانـــدا .

كوردوستانی دابەش كراو بەدەرو جیا نیە لەو هەمو ناكوكیە جوراوجورانەی ناوچەكەو دونیا هەیە ، واتە مەسەلەی گەلیكی بندەست و ماف زەوتكراو و دابەش كراو ،لەگەل سەرجەم بزوتنەوە دیموكراتیەكانی گەلانی تری ناوچەكە دژی دەسەلاتدارە كونەپەرستان و ییمبریالیزم لە پەیوەندیەكی دیالەكتیكی دان و پیكەوە یەك و گری دراون و یەك كار ئەكاتە سەر ئەوەی تر . بویە بەهوی ئەو رودا وە میژویانەی و هەل و مەرجە تایبەتیانەی كوردوستان كە هەندی جار زور كاریگەرن و رەنگە دەوریكی مەزن لە ناو ئەو ناكوكیانەدا وازی بكەن ؛ بویە گورانی نەخشەی ناوچەكە و ئینحطافاتی میژویی و ریز كردنەوە یا جیگوركی ی سەر لە نوێی ناكوكیەكان بە شیوەیەكی تر ،

واریدە و ئەو كاتە بزوتنەوەی گەلی كوردوستان قالبیكی بەخویەوە بگریت و بزوتنەوەیەكی دیموكراتیانەی شورشگیر سەرتاسەری كوردوستان بگریتەوە و كوردوستانیكی ئازادو یەكگرتو بیتە كایەوە و ئەمەش كاریكاتە سەر هەموو بزوتنەوەی دیموكراتیانەی ناوچەكە و قازانج و بەرژەوەندی بزوتنەوەی سوسیالست لە جیهاندا .

لەم حالەتەدا پیویستە لەسەر ماركسیستەكان نەهیلن جلەوی ئەو بزوتنەوەیە بكەویتە دەستبورژواكان ولە بەرامبەر یەكگرتن و ریكخستنی ئەوانەدا یەك بگرن و بە

توندو تولیش خویان ریک بخەن . لەم حالەتەشدا لەسەر مارکسیستەکانی میللەتی سەردەست پیویستە پشتوانی لەو بزوتنەوەیە بکەن و یارمەتی و کومەکی پی بکەن و ئالای هەلگری ئەو مافەرەوایە بن .

ئەبی مارکسیستەکانی کوردوستانیش ئەو بزوتنەوەیە بەو ئاقارەدا بەرن کە بەرژەوەندیەکانی کریکاران و رەنجدەرانی کوردوستان مسوگەر ئەکات.
کەواتە بەپی ی ئەو هەل و مەرجە تایبەتی یەی کوردوستان و بزوتنەوەکەی ئەبی بەرنامەو کاری داهاتومان بەرونی دیاری بکەین و نەکەوینە هەنگەشەلی و لەسەر یەک قاچ بروین و بەمەش ریگای خەباتمان گیرولار بکەین و سەریش لەخومان و بزوتنەوەکە بشیوینین .

بەلام بەداخەوە ئامیلکەکە بوچونەکانی وای کردوە و بوئەومان ئەبات کە لەسەر یەک قاچ بروین و تەنها یەک لا ببینین و لە راستی یەکان دورکەوینەوە .

بەلام مارکسیستەکان خویان بەواقیع و راستی یەکانەوە و ئەوانەی هاوتای عیلم و لوجیکەو دورلە خەیال و طوباویەتە ئەبەستنەوەو بەرنامەی خویان لەسەر ئتی ( محدد ) دیاریئەکەن و خوشیان بوهەمو گورانکاری یەکانی دیتە پیشی ئامادەئەکەن و نابنە پاشکوی روداوەکان .

لەکوتاییدا هیوادارم خوینەر بەچاویکی دلسوزانەو مەوزوعیانەوەسەیری ئەم مەسەلە گرنگە بکات و ئەم چەند دیرەی منیش هەر لەخانەی خزمەتکردن و دلسوزی بە مارکسیزم – لینینیزم و بزوتنەوەی ئازادی و دیموکراتی یانەی خەلکی کودوستاندا دابنیت .

٥/ ٢ / ١٩٨٢

سالار

(( لە ناو زور گەلاندا جورە هەستیکی دوو دلی و هەتا دوژمنایەتی هەیە ؛ بەرابەر بەگەلانی تر . ئەمەش بەهوی پروپاگەندەو کاری ئیمپریالیزم و کونە پەرستانەوە ، کە ئەیانەویت زنجیرەی خەباتی یەکپارچەی گەلان بپسینن وبەرەی تیکوشانی بتەویان بی هیز بکەن .

رەنگە بزانن کە لەناو کوردیشدا ئەم جورە هەست وباوەرە دوژمنانە هەن )) .

" ئارام "

خستنە سەر ئینتەرنێت: چالاک
chalakmuhamad@gmail.com
هەولنامەی کتێب

K.T.L
p.o.Box.1932 · Chulavista · California · 92012 · U · S · A ·

ئه م نوسراوه له لایه ن :

ده ستگای ریکخستنی ده ره وه ( کومه له )

له چاپ دراوه ته وه و بلاو کراوه ته وه .

هەواڵنامەی کتێب

تکایه یارمه تیت بنیره بو :

L.S.O
Postgirot 489 34 65-7
SWEDEN